دادگای فیدراڵی عێراق لەسەر سکاڵایەکی بەڕێوەبەری گشتیی دژەتیرۆری سلێمانی کۆدەبێتەوە

دادگای فیدراڵی عێراق رۆژی حەوتی ئەم مانگە لەسەر سکاڵایەکی بەڕێوەبەری گشتیی دژەتیرۆری سلێمانی کۆدەبێتەوە.

بەپێی زانیارییەکان، سکاڵاکە لەلایەن وەهاب هەڵەبجەیی لەسەر سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان د. رەواز فایەق تۆمارکراوە و داوا دەکات بڕیار دەربکرێت بە نادەستووریبوونی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری ژمارە سێی ساڵی 2006.

هەر لە سکاڵاکەیدا وەهاب هەڵەبجەیی داوایکرد، سەرجەم ئەو بڕیارانەی دادگاکانی هەولێر لە دژی دەرکراون هەڵبوەشێنێتەوە، لەوانە بڕیاری سزای لەسێدارەدان کە ساڵی ڕابردوو لەلایەن دادگای هەولێر دژی وەهاب هەڵەبجەیی تۆمارکرا.